**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٠)ی ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/١٦ بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٩

## یاسای ڕێکخستنی ریکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

### زاراوەکان

**ماددەی (١):**

**مەبەست لەو زاراوانەی لەم یاسایەدا هاتوون، ماناکانیان لە بەرامبەریاندا نووسراوە:**

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

دووەم: حکومەت: حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

سێیەم: وەزیر: وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

چوارەم: وەزارەت: وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

پێنجەم: ئامرازەکانی میدیا: تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، تۆڕ و ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان، ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپکراوی دیکە.

شەشەم: ئامرازەکانی پەیوەندیکردن: هێڵەکانی تەلەفۆن، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ئامرازەکانی دیکەی پەیوەندیکردن دەگرێتەوە.

حەوتەم: ڕێکلامی بازرگانی: خزمەتگوزاریەکە، لە ڕێی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیا و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و هەر شێوازێك لە شێوازەکانی ڕاگەیاندن و هۆیەکانی گواستنەوەی زەمینی و ئاوی و ئاسمانی لە ڕێگەی تابلۆ و دیوار و سکرین، بە ئامانجی ڕەواجدان بە کاڵا یان خزمەتگوزاری یان بەرهەم، بۆ مەبەستی هاندانی بەکاربەر بۆ کڕینی یان بەکارهێنانی.

## مەرجە گشتییەکان

**ماددەی (٢):**

مەرجە گشتییەکان بۆ بەرهەمهێنان و بلاوکردنەوەی ریکلام:

یەکەم: پێویستە هەموو ریکلامێك مۆڵەتی لایەنی پەیوەندیداری بەرهەمەکەی هەبێت، پێش بلاوکردنەوەی.

دووەم: دەبێت پەیامی ریکلام ڕاستگۆیانە و ڕوون و ڕەوان بێت.

سێیەم: لەکاتی بەکارهێنانی توێژینەوە زانستیەکان پێویستە سەرچاوە بەکارهێنراوەکان، ئەکادیمی و پشت ڕاستکراوەبن.

چوارەم: جگە لەو حاڵەتانەی لە یاسادا دیاریکراون، ریکلام لەسەر هۆیەکانی گواستنەوە بەڕەزامەندی خاوەنەکەی یان نوێنەری خاوەنی هۆیەکانی گواستنەوە، ئەنجام دەدرێت.

پێنجەم: ڕادەی تیشکی ڕوناکی سەر شاشەکانی ریکلامی ئەلیکترۆنی سەر شەقامەکان لە ڕۆژدا لە (٥٠٠٠) لۆکس (لومنز/ م٢) زیاتر نەبێت و لە شەوانیشدا لە (٢٠٠) لۆکس (لومنز/م$^{٢}$) زیاتر بێت.

شەشەم: دەبێت ئامرازەکانی میدیا، ریکلامی هۆشیاری نشتیمانی، رۆشنبیری، تەندروستی، هاتووچۆ و ئەو ریکلامانەی کە تایبەتن بە پاراستنی مافی مرۆڤ و ژنان، بێ بەرامبەر بلاوبکەنەوە، بۆ تەلەفزیۆنەکان لە (١) یەك خوولەك بۆ (٤) چوار خولەك لە ماوەی (٢٤) بیست و چوار کاتژمێری پەخش، و بۆ چاپکراوەکان بەپێی رێنماییەکانی وەزارەت

## ریگە پێنەدراوەکان

**ماددەی (٣):**

هەموو ئەو ریکلامە بازرگانییانەی کە پێچەوانەی (سیستمی گشتی، ئادابی گشتی، ئاسایشی گشتی، تەندروستی گشتی و مافەکانی مرۆڤن)، رێگە پێنەدراون لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

## حوكمە سزاییەكان

**ماددەی (٤):**

یەكەم: ئەگەر ریكلامێك بلأوكرایەوە، پێشێلی مەرجە ڕێگاپێنەدراوەكانی ماددەكانی (٢، ٣)ی ئەم یاسایە بوو، دەبێت:

١- ڕاستەوخۆ بلأوكردنەوەی ریكلامەكە، ڕابگیرێت.

٢- داخوازیكاری ریكلام، بەرهەمهێنی ریكلام و بلأوكەرەوەی ریكلام، سزادەدرێن بە غەرامەكردن بە بڕێك كە لە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار كەمتر نەبێت و لە (١٥,٠٠٠,٠٠٠) پانزە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

دووەم: هەركەسێك بە مەبەست ریكلامێك لێبكاتەوە، یان بیدڕێنێت، یاخود بیشێوێنێت، سزا دەدرێت بە:

١- غەرامەیەك كە لە (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزرا دینار كەمتر نەبێت و لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

٢- پابەندكردنی بە چاككردنەوە و دانانی ریكلامەكە وەك خۆی.

٣- قەرەبووكردنەوەی زیانلێكەوتوو.

سێیەم: لە حالەتی دووبارەبوونەوەی پێشێلكارییەكانی بڕگەی (یەكەم)ی ئەم ماددەیە، سزاكە دووهێندە دەبێت.

**ماددەی (٥):**

لەكاتێكدا ئەگەر سزایەكی توندتر بۆ ئەم كردارە تاوانكارییانە لە یاسا كارپێكراوەكان دا هەبوو، ئەوا سزا توندەكە جێبەجێ دەكرێت.

## حوكمە كۆتاییەكان

**ماددەی (٦):**

پێویستە لەسەر (وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان) بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی (شارەوانی و گەشت و گوزار) و (وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی) و وەزارەتە پەیوەندیدارەكان، ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانكاری جێبەجێكردنی ئەم یاسایە دەربكات.

**ماددەی ( ٧ ):**

بەدەر لە حوکمی مادده (٥)ی ئەم یاسایە، کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆک بێت.

**ماددەی ( ٨ ):**

ئەم یاسایە دوای (٦٠) رۆژ لە بلاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا، جێبەجێ دەکرێت.

## هۆکارەکانی دەرچوواندن

لەبەر گرنگی رێکخستنی ریکلام بۆ خزمەتکردنی بەکاربەر و گەشەپێدانی ئابوری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی باشتر بە هاوولاتیان، و دروستکردنی کێبڕکێی دروست بۆ بەبازاڕکردن، و کەمکردنەوەی لایەنە خراپ و زیانبەخشەکانی ریکلام، ئەم یاسایە دەچوێندرا.

د.رێواز فایق حسێن

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

برلمان كوردستان ـ العراق

استناداً إلى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان، قرر برلمان كوردستان ـ العراق في جلسته الاعتيادية رقم (١٠) بتأريخ ٢٠١٩/١٢/١٦، إصدار القانون الآتي:

## القانون رقم (٤) لسنة ٢٠١٩

## قانون تنظيم الدعاية التجارية في إقليم كوردستان ـ العراق

### المصطلحات

**المادة (١):**

يقصد بالمصطلحات الواردة في هذا القانون المعاني المبينة إزاءها:

**أولاً:** الإقليم: إقليم كوردستان ـ العراق.

**ثانياً:** الحكومة: حكومة إقليم كوردستان ـ العراق.

**ثالثاً:** الوزير: وزير الثقافة والشباب في إقليم كوردستان ـ العراق.

**رابعاً:** الوزارة: وزارة الثقافة والشباب في إقليم كوردستان ـ العراق.

**خامساً:** وسائل الإعلام: التلفزيون، الراديو، الشبكات والصفحات الإلكترونية، الصحف والمجلات والمطبوعات الأخرى.

**سادساً:** وسائل الاتصال: تشمل خطوط التلفون والشبكات الاجتماعية ووسائل الاتصال الأخرى.

سابعاً: الدعاية التجارية: عبارة عن خدمة عن طريق استخدام وسائل الإعلام ووسائل الاتصال وأي أسلوب آخر من أساليب الإعلان ووسائل النقل البري والمائي والجوي ومن خلال اللوحات والجدران و الشاشات الضوئية، بهدف ترويج بضائع أو خدمات أو منتج بقصد تشجيع المستهلك على شرائه أو استخدامه.

## الشروط العامة

**المادة (٢):**

الشروط العامة لإنتاج الدعاية ونشرها:

أولاً: يجب أن تحصل كل دعاية على إجازة الجهة المعنية بالمنتج قبل نشرها.

ثانياً: يجب أن تكون رسالة الدعاية صادقة وواضحة وبليغة.

ثالثاً: عند استخدام البحوث العلمية يجب أن تكون المصادر المستخدمة أكاديمية وموثوقة.

رابعاً: فيما عدا الحالات المحددة في القانون، تجرى الدعاية على وسائل النقل بموافقة مالكه أو ممثل مالك وسيلة النقل.

خامساً: يجب أن يكون مستوى أشعة الضوء على شاشات الدعاية الإلكترونية في الشوارع أقل من (٥٠٠٠) لوكس (لومنز/م٢) في النهار، وأكثر من (٢٠٠) لوكس (لومنز/م٢) في الليل.

سادساً: على وسائل الإعلام نشر دعايات الوعي الوطني، الثقافي، الصحي، المرور، والدعايات الخاصة بحماية حقوق الإنسان والمرأة دون مقابل، في التلفزيون لمدة (١) دقيقة واحدة إلى (٤) أربع دقائق خلال مدة (٢٤) أربع وعشرين ساعة من البث، وللمطبوعات بموجب تعليمات الوزارة.

## المحظورات

**المادة (٣):**

تحظر جميع الدعايات التجارية المخالفة ((للنظام العام، الآداب العامة، الأمن العام، الصحة العامة وحقوق الإنسان) في إقليم كوردستان ـ العراق.

## الأحكام الجزائية

**المادة (٤):**

**أولاً:** إذا نشرت دعاية مخالفة للشروط والموانع الواردة في المادتين (٢، ٣) من هذا القانون، يجب:

١ـ وقف نشر الدعاية فوراً.

٢ـ معاقبة طالب الدعاية ومنتج الدعاية وناشر الدعاية، بغرامة لا تقل عن (٥٠٠,٠٠٠) خمسمائة ألف دينار ولا تزيد على (١٥,٠٠٠,٠٠٠) خمس عشر مليون دينار.

**ثانياً:** كل من قام قصداً بنزع دعاية أو اتلافها أو تشويهها، يعاقب:

١ـ بغرامة لا تقل عن (٢٥٠,٠٠٠) مائتان وخمسون ألف دينار ولا تزيد على (١,٠٠٠,٠٠٠) مليون دينار.

٢ـ يلزم بتصليح الدعاية وإعادة وضعها كما كانت.

٣ـ تعويض المتضرر.

**ثالثاً:** تضاعف العقوبة في حالة تكرار المخالفات الواردة في الفقرة (أولاً) من هذه المادة.

**المادة (٥):**

إذا وجدت عقوبة أشد للأفعال الجرمية في القوانين النافذة فتنفذ العقوبة الأشد.

## الأحكام الختامية

**المادة (٦):**

على وزارة (الثقافة والشباب) بالتنسيق مع وزارة (البلديات والسياحة) و(وزارة التجارة والصناعة) والوزارات ذات العلاقة، إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القانون.

**المادة (٧):**

فيما عدا حكم المادة (٥) من هذا القانون، لا يعمل بأي نص قانوني يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (٨):**

ينفذ هذا القانون بعد مضي (٦٠) يوماً على نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

## الأسباب الموجبة

نظراً لأهمية تنظيم الدعاية لغرض خدمة المستهلك والتنمية الاقتصادية وتقديم خدمات أفضل للمواطنين وخلق التنافس السليم للتسويق وكذلك الحد من الجوانب السلبية والضارة للدعاية، شرع هذا القانون.

**د. ريواز فايق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان - العراق**